# "سەدام" کۆتایی هات،با پرۆسەی سیاسی بەردەوام بێت

سەلاح بەدرەدین...

لە دەیان هەڵوێستی فەرمی وەك پەرچەکرداری ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی لە نێوانیشیاندا عەرەبی و ئیسلامی بەرامبەر بە پرۆسەی لە سێدارەدانی دیکتاتۆری عێراقی (سەدام حسێن) شتێکی تازەی چاوەڕواننەکراو بەدەر لە چوارچێوە تەقلیدیەکەی یاخود شتێکی سەرنج راکێشم بەدی نەکرد، تەنیا هەڵوێستی هەریەك لە سەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆش و فرەنسا و ئینگلتەرا و ئوستراڵیا و کوێت نەبێ کە ئەرزشی خۆیان بە رووداوەکە دا و سەروەری و سەربەخۆیی بریاری حکومەتی عێراقی بە دیموکراتی هەڵبژێردراویان لەبەر چاو گرت و ئەو رووداوەیان بە کێشەیەکی نیشتمانی عێراقی دانا.

هەڵوێستە فەرمیەکان بە گشتی و بەشێك لەخوێندنەوەکانی تیۆرە سیاسیەکانی دەرەوەی دەسەلاتی گشتی جیاوازبوون نەك تەنها لە رووی ناوەرۆکەوە بەڵکو لە شێوەشدا کە دابەش بوون لە نێوان"بەدزانین"

و "سەرسوڕمان"و"داخ"و"ئیدانەکردن" یاخود گێرانەوەی بابەتەکە بۆ "دژە پلان"یان"پلانی ئەمریکی" لە کاتێکدا کە ڕوانینی بنەمەکی رەوشەن بە پلەی نەبوون ئامادەیی نەبوو هەستمان بە تێکەلاوبوونی زێدەڕەوی نەتەوەگەرایی-ئیسلامگەرایی جگە لەو دەرفەت قۆزینەوەیەی کە لە یەك هاوبەشیدا یەکی گرتەوە: هەڵسەنگاندنی لە سێدارەدانی ستەمکار بە پێی بەرژەوەندی حیسابگەرایی خۆیی نەك نیشتمانی عێراقی کە ئەمە بکوژ و سەرچاوەی گومان لە راستیەکەیدایە، زۆربەی رژێم و حکومەتە عەرەبیەکان کە هەمان رێگایان گرتۆتە بەر لەوانەبوون کە پەیوەندی یاریگەرایی تێکەلاو بە ترسیان لەگەڵ رژێمی عێراقی لەکار لادراویان دادەمەزراند کە لەو پەڕی بەهێزی دابوو و بە زۆر خاوەی پێدەدرا لە سعودیەوە تا قەتەر و وئیمارات نەك تەنها ئەمە بەڵکو ئەمانە بوون بە پاڕانەوە داوایان لە سەرۆکی ئەمریکی بۆشی باوك کرد کە واز لە کورد و شیعە بێنێ لەکاتی راپەڕینەکانیاندا لە دوای رزگارکردنی کوێت ،وراگرتنی خشانی سوپای ئەمریکا بەرەو بەغدا و وازهێنان بەخیوەتی سەفوان بۆ زەلیل کردنی رژێم و نە روخاندنی، ئەمە لە خۆشەویستیان بۆ رژێم نەبوو بەڵکو ترسیان لەو گۆڕانە دیموکراتیە هەبوو کە ئێستا لە عێراق روودەدات و ناوەرۆکی را پۆڕتی بیکەر- هاملتن ـیش تەنیا بەشێکە لەو بۆماوە بەد و خراپەیە. هەروەها ئەمانە تا دوا ساتی بەر لە رووخانی لەپاڵ رژێم وەستان و ملوانکەی رزگاریان بە چەندین سیناریۆ پێشکەش دەکرد لەوانە دانانی قوسەی کوڕی دیکتاتۆر لە جێگای باوکی یاخود یەکێ لە سەرکردە بەعسیەکان بەرامبەر بە پارێزگاری کردن لە ژیانی ستەمکار و خانەوادەکەی کە بە ڕەتکردنەوەی یەکجارەکی وەلامی دانەوە.

ئێستا هەمان دیمەن دووبارە دەبێتەوە، لەبڕی ئەوەی کە رووداوەکە بە تاییەتمەندیەکی نیشتمانی عێراقی رێز لە بریاری دەزگاکانی دادوەری تەشریعی و جێبەجێکاری بگرن و ئامادەبن بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری و پشتیوانی کردنی سەرخستنی پرۆژەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی کە ئامانجی بەرقەرارکردنی ئاسایش و ئاشتی و پتەوکردنی یەکێتی عێراقە. کەچی دەیانبینین کە بەدوای بیانوودا دەگەرێن بۆ گومان خستنە سەر شەرعیەتی لەسێدارەدانی ئەو ستەمکارە و – لەبەد بەختی خۆیان- هیچ بیانوویەکیان دەست نەکەوت جگە لەوەی کە لە یەکەم رۆژی جەژن لە سێدارە درا،ئەمەش هیچ مانایەکی نییە جگە لە رەتکردنەوەیان بۆ ئەو قۆناغە تازەیەی عێراق و دژایەتی کردنی بینین و قبوڵکردنی ئەوەی کە روویداوە و روو دەدات لە گۆرانکاری لە رەگەوەی بناغەی رژێمی سیاسی و ئەوەی روویدا لە هەڵبژاردنی شەرعی و دامەزراندنی بەرلەمان و حکومەت و دەزگاکان سەرەڕای ئەوەی کە ئامانجێکی سەرەکی خراپی رانەگایەندراویان هەیە.

کە ئەویش خۆشکردنی تایفەگەرایی و مەزهەبگەرایی لە عێراقە جارێك لە رێگەی راگەیاندنەکانەوە بەتاییەتی کەناڵە ئاسمانیەکانی ژێر دەستیان کە روڵێکی ترسناك دەگێڕن لە شێواندنی هەستی رەگەزی و مەزهەبی(دواین لێدوان ئەژمارکردنی هاوکاری ئەسیوبی بۆ حکومەتی شەرعی سۆمال بە شەڕی مەسیحیەت بۆ سەر ئیسلام! )،یان بە پێشوازی کردنی سەرکردەکانی تایفەگەری و تیرۆر لە پایتەختی ولاتەکانیان و پێشکەش کردنی هاوکاری دارایی

و لۆجستی بۆیان کە ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە لە رابردوو پێشکەشیان دەکرد بە تالیبان و زۆربەی رێکخراوە تیرۆریستیەکان کە ئێستا چالاکیەکانیان لە لوبنان
و فەلەستین و سۆمالٚ و سودان ئەنجام دەدەن ئەمە لەبڕی ئەوەی هاوکاری هێزەکانی میانڕەوی عێراق بکەن، لەبەردەم ئەو راستیە تالانەدا ئایا هیچ دادمەندێك دەتوانیٚ رژێمی (ئایەتولاکانی) تاران ئیدانە بکات بەهۆی دەستێوەردانیان لە کاروباری عێراق و نانەوەی دەردەسەری بۆ گەلەکەی و ئەوانەش ببەخشیٚ لە بەرپرسیاریەتی نانەوەی فیتنە؟ ئایا دەکریٚ هەلٚویٚستی ئیسرائیل پاسۆخ بدرێتەوە کە لە بەرژەوەندیەکانیەوە هەلٚقولاوە بەرامبەر بە رووداوی عێراق و رووداوی چاوەڕوانکراوی سوریا((بەباشتر زانینی رژێمی بەشار ئەسەد لە رژێمێکی شەرعی دیموکراتی چاوەڕوانکراو)) و بێدەنگ بوون لە هەلٚوێستی هاوشێوەی لایەنانی دیکە؟
چ مانایەکی هەیە کە بەرپرسێکی بەعسی عێراقی لە دیمەشقەوە هەرەشە بە کوشتن و گەورەکردنی کێشەکە لە دژی حکومەتی عێراقی دەردەکات و رووداوەکە بە"ئازاربەخش و سویٚ بوونەوە" دابنێت لە کاتێکدا کە سەرکردەکانی رژێمی زۆرداری سوریا پاگەندەی گێڕانەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەلٚ عێراق و گەشە پێدان و پتەکردنی دەکەن لەسەر هەمان شێوازی مامەلٚەکردنی لێلی لەگەلٚ دۆسیەی لوبنانی.
ئەوەی کە پەخش و بلاودەکرێتەوە لەو هەلٚوێستە ناتەواو و شەڕانی و گومان و فیتنە گەرابییەکان دەبیٚ راستیە چەسپاوەکان لە چاوی نیشتمانیەکان و گۆران و چاکسازیخوازەکان نەشارێتەوە و راستی رووداوی عێراقی بریتیە لەوەی کە روویدا دانانی سنورێکی قانونی-دەستووری-شەرعییە بۆ خودی ستەمکار لە لایەن عێراقیەکان و دەزگاکانیان دوای نزیکەی چوار سالٚ لە روخانی رژێمە سەرکوتکارەکەی و پاکسازی رێکخراوە سیاسیە ئەمنیەکان دوای ئەوەی بنەماکانی پرۆسەی سیاسی دیموکراتیان لە عێراقێکی فیدراڵی تازەدا جێگیر کرد.
هەرچەندە دەنگی(نەشاز) لێرە و لەوەی دەرکەوتن((ئەمجارەیان بە هەر جۆریٚ بیٚ ئەو دەنگانە خنکاون)) و هەرچەند هەندێك هەولٚی بەدویستی بدەن یاخود هەولٚی پێدانی مۆرکی تایفەگەری بە رووداوەکە لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق بدەن،دەبیٚ هەموومان پابەند بین بە ناوەرۆکە سیاسیەکەی بابەتەکە و ئەوەی کە روویدا تەنیا بەشێکە لە جەنگی سیاسی جیاکەرەوە بەدرێژایی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە نێوان زۆرینەی ریزەکانی گەلانمان کە داوای گۆرانکاری دیموکراتی و سەقامگیری و رزگاری و دەربازبوون لە سەرکوتکاریە کوێرەوەریەکان و تیرۆر و توندوتیژی لە لایەك و کۆمەلٚەکانی کە تیۆری هەردوو رژێمی سەرکوتکاری دیمەشق و تاران و هاورێیازانیان لەخۆ دەگریٚ لە لایەکی دیکەوە.
بێگومان سزادان لە رێگەی دادگایی کردنە ئاشکراکان و بەو شێوە یاساییە کە یەکەم جارە لە مێژووی عێراق و رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ گەورەترین ستەمکاری سەردەمی خۆی جێبەجیٚ کرا،نامەیەکی ئاشکرا و روون بۆ هەموو سەرکوتکارە ستەمکارەکان تا بچوکترینیان پێك دێنیٚ کە هیچ رێگایەکی هەلاتن لە ئیرادەی گەل نییە و گۆڕانکاریش روودەدات و ئەوەی کە لە بەغدا رووخا هەمان ئەوە(رێباز وسیاسەت و رەفتار و ستەمکاری) کە لە سەروبەندی رووخانە لە دیمەشق و لە رێگەی دادگاکانی نێودەولٚەتی و نیشتمانی هەر لەم بوارەوە پێویستە لەسەر سەربازگەی"میانڕەوی"لە رژێمە عەرەبیەکان بە یەکجاری مەسەلەکە یەکلایی بکاتەوە و دوو دلٚ نەبیٚ وەك ئەوەی کە ئێستا لە عێراق روو دەدات و پێشبینی روودانی لە لوبنان و فەلەستین و سوریا دەکرێت.
ئەوەی کە خەمئاوەرە لەبەرامبەر گەورەیی مانا سیاسیەکەی رووداوی عێراقی ئەوەی کە هەندێك ئاوازی مەزهەبی لێدەدەن و هەولٚی دەرخستنی رووداوەکە وەك تۆلٚەسەندنەوەی خەلٚکی-دوجەیل-کە زۆربەیان شیعە مەزهەبن و بەیانیش ئاوازی رەگەزپەرستی لێدەدەن کاتێك کە دادگایی کردنەکانی ئەنفال ئەوانەی کە ماون لە تێوەگلاوانی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لەناو دەبات، بیٚ ئەوەی لە بیریان بیٚ کە خاوەنانی هەردوو کێشە کۆلٚەکەی بنەمەکین لە بنیادنانی عێراقی نویٚ لێبردوو و فرە رەنگی فیدراڵی و زۆرینەی ڕستی عێراق پێك دێنن و ترسناکترین کردەی دیکتاتۆریەت لە عێراق لە ماوەی زیاتر لە سی سالٚ هەرەشەیەکە بۆ سەر یەکێتی پێکهاتەی نیشتمانی عێراقی لە رێگای کۆمەلٚکوژی و تاك کوژی و جیاکاری(رەگەزی و مەزهەبی) لە دژی گەلی کوردستان و رۆلٚەکانی تایفەی شیعە و سزای ئەم کارە کەمتر نابیٚ لە سڕینەوەی رژێم بە ئیدارە و پەیڕەو و فەلسەفە و سیاسەت و سەرکردەکانی کە ئەمە ئێستا لە رێگەی شەرعیەت و دادوەری عێراقییەکان روو دەدات.